# دەستێکم لە هەنبانە بۆرینە وەردا

## پیتی ئەلف

2014

**زریان سەرچناری**

**شیعر و پەند / ناوی گوند و مەڵبەند / جۆراوجۆر/ ناوی ئاژەڵ / ناوی گوڵ و گیا / بەری دار و میوە / ناوی نەخۆشی / خواردن / کات و وەرز / کێش و پێوانە / شوێن و جێگە / هاوواتای فارسی**

**هەمبانە بۆرینە: هەمبانەیەکە لە چیرۆکی کۆندا،دەڵێن دەستیان پیاکردووە، هەرچی ویستویانە تیابووەو دەریان هێناوە.**ل1003

**هەنبانەك: پێستی گوراوی بزن و مەڕکە دەیکەنە دەفری شتومەك، هەمانە، هەمبان، هەمبانە.**

**شیعرو پەند**

**تو پو ڕ ئیحسان و خوەی نەشمی**
**لدەرویشان ئا بێ خەشمی "جزیری"**

**بێ نرخە ریش و ڕو کە نەڕەنگێ بە ئابڕو."هەژار"**

**هەرچیێکی لەناخی ئاخ و دەریان**
**هی چۆتە بناو ئەوی لەسەریان ."مەم و زین"**
**وەفایێ ئاخری خێر بێ دەمێکە بێ سەرو شوێنە.**

**پیری ئاخر شەڕ وەتەنت فرۆشت**
**ئابڕوت گۆڕیەوە بە پلاوو گۆشت. "هەژار"**

**سەری هەردوکولمی ئاخۆ گوڵی نەو بەهارە یاخۆ**
"طَرَف"ی **نەهارە زولفی** زَلَفٌ مِنَ اللیالي "**نالی**"

**بانو ئێد شنەفت نەجا ئاخێز ."خانای قوبادی"**

زستانان ئار و ئەز.
ماستی ئازمودە لە کەرەی نائازمودە باشترە"مەسەل"

ئازیز دیارەن وادەی لوامەن
ئەوەدای ئاخر ئەوە نامامەن "مەولەوی"

من شەوێ نالەم جۆش ئاوەردە بۆ
سەگی ئاسانەت بێدار کەردەبۆ"مەولەوی"

تاقانە یەتیمی خەڵەفی ئاخری نیشان
تۆ خۆش بی سەدەف بۆ بە فیدات دوربی لە ئافات"نالی"

ئەگەر چاوی خۆم بە یایە زینێ هەڵهێنایە
وەهام دەدی ئافتای کاکە مەمێ جوانە"مەم و زین"

ئالاگرت بەدەست خورشیدی خاوەر
نوسیا بۆلای بەهرۆزی سەروەر"خورشیدی خاوەر"

سونبول بسەماتێن و گولان پەردە دراندن
بشکفتنە ئالئال و هشین بونە تەرازن"جزیری"

مالیاوا کۆنە هاو دەردم
بەدوربی لە ئاهی سەردم"هەژار"

جەبباری بێ فتوری
سوڵتانی بێ قسوری
ڕەززاقی مارو موری
ئاودێری دێمەکانی"حاجی"

لە دنیادا ڕەفیقی پیاوی کەر هەرگیز نەکەی ئەحمەد

له دەس ئینسانی بێ ئاوەز هەتا ئاخر سەرا ڕاکە."ئەحمەد موختار جاف"
ڕێوی کەوڵی خۆی ئاوەژو دەکرد
ژیشك کەوڵی موی ئارەزو دەکرد"سەیفی قازی"

چاوی کیژیش ئەمنی خستە ئەو گوڵە
ئێستە ئاویتەی گڵە کوشتەی دڵە"هەژار"

ئازیزم ئاهیر دوری باڵای تۆ
جەستەم کەرد وەبوڵ شەماڵ بەرد پەی کۆ"مەولەوی"

نامەکەت یاوا کۆسم کەفتەوە
دڵەی ئاهیرین دا وەنەفتەوە"مەولەوی"

جەزبەی ئاهێنم دەماخ دان پەرداخ
میقناتز تۆی جام کەردە وەیاتاخ"مەولەوی"

نە ئاهێنگەرێ نە ئاهینگەرێ
ئارۆ راگەم کەفت نە ئاهینگەڕێ"مەولەوی"

زارم وەکو خیلال و نەحیفم وەکو خەیاڵ
ئایا دەکەومە زارو بەدڵدا دەکەم ختور"نالی"

دلبەرێ ئیرۆ سەحەر ئاڤیتە جەرگێ من دودۆخ
یەك لسینە یەك لدلدا لەو لمن تێن ئاخ و ئۆخ"جزیری"

کە شەو گیرۆم خەیاڵی تۆ بەئاغوش
سەهەر ئەز بوستەرم بۆیی گوڵ ئایۆ"بابە تایەر"

له ئولکەی جوانیا گەر لافی شاهی لێبدەیت لێت دێت"بێکەس"

که زینیان کرد له پشتی ماینەڕەشکوێت
گەڕا چاوم لەوێدا زەردو ئەبڵەق"شێخ ڕەزا"

ئەتۆ ئەی چرچە پیسەی لینگ گواوی
لەگەڵ زەرراتی عالەم تێکەڵاوی"جەنابی مەلا"

مەشرەبی نالی گەلێ ئابی و ترشە بەلێ
موعتەریفە خۆی دەلێ چانیە ئەتواری من "نالی"

وێش ئەجی سەلۆێنە مدرێنە پاوە"سەیدی"
وەکو یەك دێنە بەرگوێی پیاوی ئەحمەق
سەفیری بولبول و ئاوازی لەقلەق"شێخ ڕەزا"
هەرچەندە وەکو خە نجەری ئەڵماسە زمانم
نابڕێ سەری مویی لە ئەدای شوکری نیعەمتان"شێخ ڕەزا"
جە واتەی شێرۆ سەرەفکەندەبین
جە سەودای گەردون ئەڕامەندە بین"خانا"
لە بەر قاپی سەرا سەفیان دەبەست شێخ و مەلاو زاهید
مەتافی کەعبە بۆ؟ ئەربابی حاجەت گردی سەیوان بوو"شێخ ڕەزا"
ئەوەند ئەرجو دەکات کوردی کە جار جار
بکەن یادی موحیبی بێ ڕیایتیان"کوردی"
قالبم بێ ڕۆح ئەروام نەمەندەن
من دان حەیات زندگیم کەندەن"مەولەوی"
ئەرێ ئەی شێخە پیسەی بۆری چڵکن
ئەرێ ئەی زك هەمانەی غازی بۆ گەن"مەلای گەورە"
ئەگەر دیتیانم ئەزم، ئەگەر نەیاندیم دزم"مەسەل"
ماستی ئەزمودە لە کەرەی نا ئەزمودە باشترە"مەسەل"
دەستم کە لەسەد جێگە بەسەد وەعدە شکاوە
جەبری نییە ئەم کەسرە هەتا نە یخەمە ئەستۆ"نالی"
ئەم چەرخە کۆنە ماشینەکەی ژەنگی گرتوە

چەوری نەکا بەخوێنی مە سوڕانی ئەستەمە" پیرە مێرد"
ئەستێرە بەرزەکان ئەدرەوشێنەوە بەشەو
وەك چاوەکانی من نە سرەوتیان هەو نەخەو" پیرە مێرد"
ئەستێرە گەری دەکر لە چاڵا
چارەی ڕەشی خۆی دەدی لە خاڵا"مەم وزین"
دەما دل دی بمەحبوبان
بشو خو شەنگ و ئەسمەر دە"جزیری"
چێخی ئەسمەر پێچ ڕەشماڵانی جاف
رو پۆشی شێوەی شای مشکین کەڵاف"شێخ سەلام"
نالی ئەسەری بیٚ ئەسەری غاییە ئەمما
نا ڵەیکی حەزین دێ لە موناجاتی سەحەردا"نالی"
ئەگەر یەك بیٚ یادی زولف و چاوەکەت یەك لەحزە سابیربم
ئەسیری بەندی کافر کوشتەیی بێدادی ساحیر بم"وەفایی"
هەرگا دێم هیلال ئەو ئەبرۆی سێوەنگ
یە سیم ئەسرین یە ئەشرەفی ڕەنگ"مەولەوی"
ئەشکم کەلەگەڵ عەشقمە تیفلێکی فەهیمە
هۆشم کەلەگەڵ خۆشمە پیرێکی نەدانە"نالی"
لە کوڵمت هەرچێ خاریج بیٚ سەری ئەگریجە قەیچی کە
بلێن با سەر برِینی خارجی بۆ رەونەقی دین بو"سالم"
ئەگەر دەمزانی شەو جێگات کامە
دەمنایە باخەڵ جوتێ شەمامە"فۆلکلۆر"
مێخەك بەند ئەخشێ لەناو مەمکانی
هەزار ئەملۆدە بیٚ بە قوربانی"فۆلکلۆر"
ئە مجا دەچویتە شارەوە ناومالی عاسمەخان
دوبارە ئەیشەکاندەوە باجگر بەبیٚ وچان" پیرەمێرد"
کەسینەی ریشمی بەو تیغی نازە ئە نجن ئە نجن کرد
وتی پەژموردەیە ئەم لالە زارە ئاوی تێدەگرم"مەحموی"
ئەوند هۆشیارە مەحوی تێدەگا دنیا خەراباتە
خەرابەی گەردەکا ئەهلی خەرابە بۆ چی لیٚ دەگرم"مەحوی"
ئەوەند زاری کەرد نە ئەندۆی دەرون

خورۆش کەرد نەسەنگ قولەی بێستون"خانا"

پشتی ڕیش و شانی زامدارو جدەو بۆ ناعیلاج

چەند قرۆشێکم هەبوو بۆمدا بە نەت و ئەنزەروت"شێخ ڕەزا"

هەناسەم زولفەکەی لاداو مەیلێکی نەکرد چاوی

نەسیم ئەنگوت و شەو رابردو نەرگس هەر لەخەودایە"نالی"

سەوزە وستەن فەرش ئەو چەمەن دەس دەس"مەولەوی"

ئەوا لەیلا بە ڕۆژی حەشر ئەدا وەعدەو دەڵێ مەحوی

هەتا قامی قیامەت ئاهو واوەیلا نەکەم چبکەم"مەحوی"

هەتا تۆم ئاشنا بوی ئاشنا بون

ئەوێستا مو بە مو ئەغیارە بێ تۆ"نالی"

ئەی تازە جوان پیری کە ئیفتادەم و کەوتوم"نالی"

## ناوی گوند و مەڵبەند

ئالان: مەڵبەندێکە لە کوردستان.

ئامێدی=عیمادیە: شارێکە لە کوردستان.

ئۆلکە= مەڵبەند مەیدان.

## جۆراوجۆر

ئاشە گوێرێژ=ئایشە گوێدرێژ: ناوی شتێکی نەبو خەیاڵیە وەك درنج، منداڵی پێ دەترسێنن.

ئاغزونە: ئاوەزون:ئاڵقەزونە=ئاوزونە: ددانە داری کانزا کەمانەی تێدایەو بۆ داخستنی قایشی پشت و کەوش و ... بەکار دەهێنرێ.

ئال= زەرنەقوتە: پەنجەی هەرە درێژی دەست.

ئالخواج= پەنجەی شەهادە، دۆشاو مژە.

ئاڵ=ئاڵە= هەڵە: جندۆکەی دوژمنی زەیسان.

ئاڵبردنەوە= مردنی زەیسان یان کۆرپەی ساوا بەدەست جندۆکەی ئاڵەوە.

ئاویتە= بەراویتە: بیچوی لەزگدا مردوو.

ئەستێ و پوشو= بریتی لە دژایەتی توند"ئەو دوانە وەکو ئەستێ و پوشو یان لێهاتووە"

ئەنگوتك بژێر= ڕژدو خەسیس.چروك و ڕەزیل.

ئوجارِ=یەرەقە : دو خوشکی ژنی دوبرا بۆ یەکتر دەبنە ئەوجارِی یەك.

ئێروو=تفاق: پیاو بەئێرۆ بیٚ زستانیش خۆشە.

ئیشار=جۆریٚ سەرپۆشی ژنانە کە شان و پیل دەگریٚ، چارۆکە، کۆڵوانە.

ئێمەنی: جۆرێك کەوشی سوری بیٚ پاژنەی پیاوانە.

ئینجە: لەگەڵ فینجە دەگوتریٚ=فیزو خۆ بەزل زانین: کابرایەکی بە ئینجەو فینجەیە.

## ناوی ئاژەڵ و باڵندە

ئاروان= وشتریٚ سیٚ بەهاری دییی.

ئاروانە= وشتریٚ چوار بەهاری دییی.

ئاقو=هاقو: جۆریٚ کۆتر.

ئاڵەتانج=هەڵەتانج: جۆرێك مراوی کێوی سەربەکڵاوە.

ئاودەل= پۆری نێر.

ئەسپە شینە= باڵندەیەکی بەقەد ریشۆڵەیەو شینە.

ئەلهۆ= هەڵۆ: باڵداری راوکەری بەناوبەنگ.

ئێختەرمە= ئەسپی یەدەگ.

ئێستر= قانتر=هێستر: داك ماینی کەر باب.

ئێستر باڵانی: قاتری داك گوێرێژی باوك ئەسپ.( هێستر گایلە :هێستر گایلکە )

ئیشکەرۆ= یەکسمی فێرە رەوت نەکراو.

ئێکانە=یەکانە: نێرەی بەراز.

## ناوی گیا و گوڵ

ئادارۆك= گوڵێکە سەرەتای بەهار دەپشکویٚ.

ئاسمین=یاسەمین: گوڵێکی داروکەی سپی بۆن خۆشە.

ئالئال: گوڵێکی بۆن خۆشی سورە.

ئاڵقە تیز= گیایەکی گەڵاخری رەنگ زەیتونی یە، شیرەکەی مایەی زگ چونە.

ئاجارِ= رەگ و بنی گیا

ئاجچەباز= گیاکەلەریزی گیا دۆکوڵیوان

ئاڵەکۆك= جۆریٚ ئەسپنگی توکنە بنکی هەیە لە جۆزەردانادا دەریدێنن و دەیخۆن( دیاری شوانە وێڵە ئاڵەکۆکە )

ئالینك= گیایەكە لە داران دەهاڵێ.

ئەرزنی=جۆرێك هە نجیر.

ئەرژنگ= دارێكە لەداری ئەرخەوان دەكات.

ئەسپۆن=ئەسفۆن= بنەگیای بەكەف بۆ جل و دەست شۆرین.

ئەسپەناخ=سپێناخ=گیایەكە دەیچێنن و لە چێشتلێناندا بەكاردێ.

ئەسپەندەر=گیایەكە بەرێكی گزموڵە دەگرێ بۆ پوچ كردنەوەی چاوزار دەیسوتێنن.

ئەشەد بۆ= گیایێكی بۆن خۆشە.

ئێرڤست= دارێكی لێرەواری درك دارە.

## بەری دار و میوە

ئارو= ئاروێ :خەیار

ئارۆك= كفتە ساواری پانكەڵە لە گە نمە كوتاویش دەیكەن.

ئاشاخە= میوەی ڕزیو، حەیوانی بێ برەو لە جەڵەبدا.

ئاڵو باڵو= میوەیەكی خڕ و ترش و سوری تاریكە، بەڵاڵوك، هەلهەلوك.

ئاڵوبخارا: هەڵوژە پایزەی سوری ئاماڵ رەش.

ئاڵیسور= هەرمێ لاسورە، سێوە لاسورە.

ئانگو=ئاونگ=مێلاق: ئەو ترێ یەی بۆ زستان هەڵی دەواسن.

ئەڵوجە=هەڵوژە= ئاڵوچە: میوەیەكی خركەڵەی شیرینە بە هارو پایزی هەیە. ئاڵوژە: هەڵوژە، عەلوكە، حەلوكە.

ئێقلاب= بەركوت: بەر لە خەرمان كەمێ گەنم كوتان بۆ نانی پێداویستی.

## ناوی نەخۆشی( مرۆڤ/ئاژەڵ/درەخت )

ئارنگ= دەردێكی ئاژەڵە.

ئارهان= ژان و ئێشی ئەندامی سوتاو.

ئاریان= دڵ تێكچون و دڵ شێوان بەهۆی خواردنەوە.

كوان و زیپكە لە لەش هاتن.

ئاڤزە لێلك= نەخۆشی ئاوبەند، دەردی ئێسقایی.

ئاگرۆك=ئاگرە=ئاورە=ئایرە: زیپكەی چەنەو دەم و چاو،

بای گەرم كەبۆ زەرعات زیانی هەیە.

**ئاڵکە= تەراخوما : نەخۆشیەکی چاوە.**

**ئاوبڕ= نەخۆشیەکی ئاژەڵە کە لە خواردنەوەی ئاوی زۆررساردەوە توشی دەبێت.**

**ئاوبەند : نەخۆشی زگ ئاوسان، ئیسقایی.**

**ئاومردواری : نەخۆشیەکی چاوە ئاوی سپی هەڵدێنیٚ.**

**ئاوەشی= نەخۆشی گوانی مەڕ کە ڕەق دەبیٚ و نادۆشریٚ.**

**بەئاو کەوتنی دەغل لەبەر ئاودانی زۆر.**

**ئاو هێنان= نەخۆشیەکی چاوە"چاوی ئاوی هێناوە."**

**ئاوی ڕەش : نەخۆشیەکی چاوە"ئاوی ڕەشی هێناوە."**

**ئووفە= نەخۆشیەکی یەکسمە وەك هەڵامەت ئاو بەلوتیدا دێت.**

**ئەبرەش : عەبرەش= مەڕ یابزنەزاو کە شیر وشك دەکاو بێچو تێر ناکا.**

**ئێەقان=نەخۆشی زەردویی.**

**ئیزۆك= زیپکەی شیری کەلە دەم و چاوی مناڵان دێت.**

**ئیفلیج= شە پلە=نەخۆشی شە پلە : شە پلەلێدراو.**

**ئینتەلا+ئیمتەلا+ ترخە : نەخۆشی گرفت کە لە ئەزم نەکردنی خواردنەوە توش دەبن.**

## خواردن

**ئارخاڤك= چێشتی ئاردورۆن، کولێرەی بەشەکرو ئارد.**

**ئارد پیێچ= جۆرێك هەڵوایە لە ئارد و شەکر.**

**ئاسیدە=هەڵوایەکە لە ئارد و ڕۆن و دۆشاو.**

**ئاوار=هەڵوای ئاردو دۆشاوی وشك هەڵاتو بۆ زستان.**

**ئاووتام= چێشتی پیازاو.**

**ئەشکەنە : گۆشتاوێکی خەست و خۆڵە بە پیازەوە.**

**ئیشکەڵوا= هەڵوای دۆشاو کە بۆ سەفەری دەبەن.**

## کات و وەرز

**ئاخسبات= پازدە ڕۆژی کۆتایی چلەی زستان.**

**ئاخلێڤە، ئاخە لێوە : هەوەڵی بەهار کە سەوزایی بە ئاستەم سەر دەردەهێنێت.**

**ئاخنەبا= ڕۆژەکانی کۆتایی زستان،کاتیٚ هەفتەیەك لە چلەی بچوك ماوبیٚ.**

**ئۆغەن= دوامین حەفتەی چلەی بچوك.**

ئەرخەوان سور= بریتیە لە هەوەڵی نەورۆز.

ئەیار=ئایار= مانگی پێنجەمی خاچ پەرستان، لە نێوان خاکە لێوەو بانە مەڕدا.( May )

ئەیلول=مانگی نۆیەمی خاچ پەرستان لە نێوان ڕەزبەر و خەزەڵوەردا.( Sept )

ئێڵدە : لەگەڵ بێڵدە دەگوترێ: پازدە ڕۆژی هەرە سەرمای زستان.

## کێش و پێوانە

ئاڵتی ڕەم = کێشانەیەکە بەرامبەر بە پە نجاو پێنج گرام.

ئەللی ڕەم= کێشانەیەکە بەرامبەر بە چوار سەدو پە نجا گرام.

ئێزرەم= کێشانەیەکە بەرامبەر بە نیو کیلۆ"لە سەردەشت و سولە یمانی"

ئێگرەم: کێشانەیەکە بەرامبەر بە دوسەد گرام.

ئینج= بە شێك لە دوازدە بەشی پێ( Inch )

## شوێن و جێگە

ئاخڵە= خەرمانەی مانگ، پا پۆکەی مار.

بە ژورێکی کورتە دیواری سەردانە پۆشراو دەڵێن

کە بۆ کا و گیا ساز دەکرێ.

ئادان= زەوی بە پیت و بەرەکەت.

ئاراز= ڕوبارێکە لە سنوری ئێران و ڕوسیا.

ئازنگ= خانوی بەسەر تەختە بەردی پانەوە دروستکراو.

ئەیارە=عەیارە: پێوانە، دەفرێ کە شتی وردی وەك دەغلی پێ دە پێون.

## هاوواتای فارسی

ئابات= ئاباد

ئابڕو= آبرو

ئابوتاب= آب وتاب ( ڕێك و پێك )

ئابونما= آبونما

ئابونە= آبونە

ئاتەش بازی=آتشبازی

ئاتەش پارە= آتشپارە( زرنگ )

ئاتەشکەدە= آتشکدە

ئاتەشخانە= آتشخانە

ئاتەشی= آتشی

ئاجوڕ=آجور

ئاجیل= اجیل

ئاچەر= آچار

ئاخ=آخ

ئاخا= ئاغا=آقا

ئاخرزەمان= آخرزمان

ئاخرەت= آخرت

ئاخوڕ=ئافڕ= آخور

ئادەم=آدم

ئادەمی =آدمی

ئادەمیزاد= آدمیزاد

ئارام= آرام

ئارد= آرد

ئارەق= عرق

ئارەق چن= عرق چین

ئارەق کردن= عرق کردن

ئارەق گیر= عرقگیر

ئارێ=آری

ئازاد=آزاد

ئازادی=ئازادی

ئازاردان= آزاردن

ئاژان=اژان = پۆلیس

ئاسان= آسان

ئاسودە=آسودە

ئاسمان=آسمان

ئاسیا=آسیا

ئاشپەز:چێشت لیبێنەر =آشپز.

ئاشپەزخانە= آشپزخانە

ئاشت= آشت

ئاشتی=آشتی

ئاشق=عاشق

ئاشکرا=آشکرا

ئاشنا=آشنا

ئاغڵەب= آغلب

ئافات=آفات

ئافەت=آفت

ئافەریدە=آفریده

ئافەرین=آفرین

ئاقڵ=عاقل

ئاقیدە=عقیده

ئامادە=آماده

ئامۆ=عمو

ئاوێزان= آویزان

ئاوێزە=آویزه

ئایین=آیین

ئایندە= آینده

ئۆردو= أردو

ئۆمەت=امت

ئومێد=امید

ئەبرۆ=آبرو

ئەبلە= ابله

ئەبڵەق=ابلق

ئەبەدەن= ابدا

ئەبەدی= ابدی

ئەجر=اجر

ئەجەل=اجل

ئەحوال= احوال

ئەحوالپرس=احوالپرس

ئەخبار=اخبار

ئەدەب=ادب

ئەدەبی=ادبی

ئەرباب=ارباب

ئەرزان=ارزان

ئەرزن=ارزن

ئەڕە=اره

ئەزەل=ازل

ئەزەلی=ازلی

ئەساس=اساس

ئەساسی=اساسی

ئەسپ=اسپ

ئەسپ سوار=اسپ سوار

ئەسکەناس=اسکناس

ئەسکەنە=اسکنه

ئەسڵەحە= اصلحه

ئەسڵ=اصل

ئەسەر= اثر

ئەسیر= اسیر

ئەشك=اشك

ئەفسون=افسون

ئەفسەر=افسر

ئەغڵەب=اغلب

ئەگەر=اگر

ئەڵماس=الماس

ئەمانەت=امانت

ئەمانەتی=امانتی

ئەمر=امر

ئەمو=عمو

ئەمن=امن

ئەمەل=امل

**ئەنار=انار**

**ئەنبار=انبار**

**ئە نجام=ا نجام**

**ئە نجومەن=ا نجمن**

**ئەندازە=اندازە**

**ئەندام=اندام**

**ئەنزەرەوت=انزروت**

**ئەنگور=انگور**

**ئەنگێز=انگيز**

**ئەوج=اوج**

**ئەولاد=اولاد**

**ئەوەڵ=اول**

**ئیجارە= اجارە**

**ئیحتمال= احتمال**

**ئیحتیاج=احتیاج**

**ئیخلاس=اخلاص**

**ئیدارە=ادارە**

**ئیدعا=ادعا**

**ئیرادە=ارادە**

**ئیسراحەت=استراحت**

**ئیسها=اسهال**

**ئیشتیها=اشتها**

**ئیشق=عشق**

**ئیفتار**=افطار

**ئیفتخا=افتخار**

**ئیقبال=اقبال**

**ئیقدام=اقدام**

**ئیقرار=اقرار**

**ئیلتیفات=التفات**

**ئێلەك=ألك**

**ئێلەك= يلك**

**ئيمان=أمان**

**ئيمتيحان=امتحان**

**ئيمزا**=امضا

**ئيمساڵ=امسال**

**ئيم شەو=امشب**

**ئيمكان=امكان**

**ئيملا=املا**

**ئينتيخابات=انتخابات**

**ئينتيزار**=انتظار

**ئينشا=انشا**

**ئينقيلاب=انقلاب**